السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن تێیاندا: ڕۆژی شکاندنی ڕۆژووەکانتان (مەبەستی: یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە)، وڕۆژەکەی تر: لە قوربانیەکانتان دەخۆن (مەبەستی: ڕۆژەکانی جەژنی قوربانە)

لە ئەبی عوبەید، خزمەتکاری ئیبن ئەزهەر دەڵێت: ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت-، ووتی: «ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن تێیاندا: ڕۆژی شکاندنی ڕۆژووەکانتان (مەبەستی: یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە)، وڕۆژەکەی تر: لە قوربانیەکانتان دەخۆن (مەبەستی: ڕۆژەکانی جەژنی قوربانە)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە دوو ڕۆژی جەژنی داناوە بۆ مسوڵمانان، وهەریەکێکیان بەستراوەتەوە بە دروشمێکی (ڕێوڕەسمێکی) ئاینی، ڕۆژی یەکەمی جەژنی ڕەمەزان (ڕۆژی ڕۆژووشکاندن) پەیوەندی هەیە بە تەواو بوونی ڕۆژووگرتنەوە، بۆیە واجبە لەسەر مسوڵمان کە ئەم ڕۆژە ڕۆژوو بشکێنێت وەکو سوپاسگوزاریەک بۆ خوای گەورە لەسەر تەواو بوونی ئەم نیعمەتی ڕۆژووگرتنەوە و وەکو دەربڕینی نیعمەتی ڕۆژووشکاندن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لە پاشان تەواو بوونی یەک مانگ لە ڕۆژووگرتن، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ} [البقرة: 185] واتە: {تا مانگەکە (ڕۆژوو بگرن) بەتەواوی وبە گەورە ناوی خوا بەرن لەسەر ئەو ڕێنموێنیەی کە کردوونی وتا سوپاسی (خوا) بکەن}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4527

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee